# خەونی سوڵتان بۆ نەخشەی ئایندەی تورکیا



گەیلان عەباس

Email: gailan-89@hotmail.com

تشرینی دووەمی 2016

# خەونی سوڵتان بۆ نەخشەی ئایندەی تورکیا

گەیلان عەباس

لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ، لەلایەن بەشێک لە سەرکردە باڵادەستەکانی ئاکپارتی و میدیاکانی تورکیا، باس لە زیندوکردنەوەی مێژو و گێرانەوەی میراتی زەوتکراوی تورکیا دەکرێت، بەتایبەت پاش روخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دابەشکردنی دەستکەوتەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە، لەسەر دەستی دەوڵەتانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، وڵاتە هاوپەیمانەکانی براوەی جەنگ، دوو رێککەوتنامەیان لەگەڵ تورکیادا ئیمزاکرد. یەکەمیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، کە رێککەوتننامەی سیڤەر بوو لە رێکەوتی 1920/8/10 دا، ئەم رێککەوتننامەیە وەك چارەسەر بۆ کێشەی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی گرێدرا. دوای ئەم رێککەوتننامەیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەش کرا بەسەر چەند ناوچەیەکی جیاوازدا. بەجۆرێک کە هەر دەوڵەت و نەتەوەیەك بەشی خۆی بۆ دیاری کرا. بەم هۆیەش تورکیای عوسمانی نزیکەی 5/4 ئەو زەویانەی لەدەستدا، کەبەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەژێر فەرمانڕەوایەتیدا بوون. دووەم رێککەوتن لە سەردەمی (کەمال ئەتاتورک)دا ئیمزاکرا، ئەویش پەیماننامەی لۆزان بوو لە رێکەوتی 1923/7/24 دا. ئەم پەیماننامەیە لەنێوان دەوڵەتانی (بەریتانیاو فەرەنساو تورکیا ....هتد) بەسترا بۆ مەبەستی دانپێدانان بە کۆماری نوێی تورکیا، وەک جێگرەوەی ئیمپراتۆری هەڵوەشاوەی عوسمانی و دیاریکردنی سنوری تورکیای نوێ لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا، سەرەئەنجامی ئەم پەیماننامەیەش بۆ تورکیا خۆی بینییەوە لە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنامەی سیڤەر و دەستبەرداربونی تورکیا لەچەند داگیرگەیەکی پێشوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەهەر سێ کیشوەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپادا.

# گەڕانەوە بۆ دەستکەوتە مێژوییەکان

سەرۆك کۆماری تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) لە ساڵیادی پەیماننامەی لۆزان لە 2016/7/24 دا ڕەخنە لە باوکی دامەزرێنەری تورکیا (کەمال ئەتاتورک) گرت، بەتایبەت لەبارەی پەیماننامەی لۆزان، ئەردۆغان لەوبارەوە ڕایگەیاند" هەمیشە ڕکابەرەکانی تورکیا ڕێککەتننامەکانیان بەسەر وڵاتەکەمان سەپاندوە، لە سیڤەرەوە تا لۆزان، هیچ کات پەیماننامەی لۆزان واتای سەرکەوتن نەبووە بۆ تورکیا، چونکە تورکیا بەهۆی ئەو پەیماننامەیەوە بەشێک لەخاکی خۆی بۆ بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی دراوسێ لەدەستداوە"  هەروەها گوتی " دەریای ئیجە و دورگەکانی ئەو نێوەندە موڵکی ئێمە بوون، لەوێ مزگەوت و گۆڕستانمان هەبوو. هۆکاری لەدەستدانی ئەوناوچانەو ناوەندەکەنی دیکەش بۆ پەیماننامەی لۆزان دەگەڕێتەوە". دوای دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ، جارێکی تر ئەردۆغان لە ڕێکەوتی 2016/10/19 باسی لە پەیماننامەی لۆزان کردەوە و بە پێویستی زانی پێداچونەوە بەو پەیماننامەیەدا بکرێت. وتەکانی ئەردۆغان بەتایبەت لەم کاتەدا مەبەست لێی شەرعیەتدانە بە لەشکرکێشی وڵاتەکەی بۆ نێو خاکی عێراق و بەشداریکردن لە ئازادکردنەوەی موسڵدا.

هاوتای لێدوانەکانی ئەم دوایەی ئەردۆغان، ڕۆژنامەی( دیریلیش پۆستاسی) تورکی کە ڕۆژنامەیەکی ئاینیەو نزیکە لە ئاکپارتی، لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ و قسەوباس لەبارەی بەشداری هێزەکانی سوپای تورکیا لەو بارەیەوە، بابەتێکی هەستیاری وروژاندو بەهەمان شێوە پشت بەست بە بەڵگەی مێژوی، ڕاپۆرتێکی لەبارەی چەند ناوچەیەکی دراوسێی وڵاتی تورکیا بڵاوکردەوە، بەو پێیەی ئەو ناوچانە لە ڕابردودا بەشێک بون لە خاکی تورکیاو مافی تورکیایە لە ئایندەدا بەدەستیان بهێنێتەوە. ڕۆژنامەی دیریلیشی تورکی ڕۆژی 2016/10/16  لە پەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەیدا بە مانشێتێکی گەورە نوسیبوی "ئایا ئەم خاکانە داپراون لە تورکیا؟ ". لە ڕاپۆرتەکەدا ڕۆژنامەکە نەخشەی تورکیای بڵاوکردوەتەوەو بە پێی نەخشەکەش چەند ناوچەیەکی دەوڵەتانی دراوسێی تورکیا مێژو دەیسەلمێنێت کە بەشێکن لە سنورو خاکی دانەپراوی ئەو وڵاتە. لە دیارترین ئەو ناوچانەش بریتین لە (باکوری عێراق: هەولێر، کەرکوک، موسڵ، باکوری سوریا :حەڵەب- حەسەکە، ئەدلب،

بەشێک لە: ڕۆژهەڵاتی یۆنان، باشوری ڕۆژهەلاتی بولگاریا، ڕۆژهەلاتی ڕۆمانیاو ڕۆژئاوای خاکی ئەرمینیا و باشوری ڕۆژئاوای جۆرجیا). زانیاری و بەڵگەکانی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی دیریلیش بۆ دەستنیشانکردنی سنوری تورکیا پشتی بە یاداشتێکی پەرلەمانی عوسمانی بەستوە کە لەژێر ناوی (عەهدی میللی) لەساڵی 1920 مۆرکراوە. لەو یاداشتەدا سنوری دەوڵەتی عوسمانی تورکی بۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەو جۆرە دەستنیشانکراوە کە تیایدا بەشێک لە خاکی (عێراق، سوریا، یۆنان، بولگاریا، ئەرمینیاو جۆرجیا...) بەپێی یاداشتەکەی پەرلەمانی ئەوکاتی عوسمانی ئەم ناوچانە  بە بەشێک لە خاکی درێژکراوەی تورکیا هەژمار کراون.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی 2016/10/26 فەرمانگەی ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تاپۆی سەربە وەزارەتی ژینگە و شارسازی تورکیا، دەتسیکرد بە هەڵدانەوەی مەلەفی تاپۆکانی (موسڵ و کەرکوک و حەڵەب)، لەوبارەیەشەوە سەرۆکی فەرمانگەی ئەرشیفی تورکیا، (زەینەڵ عابدین تورك ئۆغڵو) رایگەیاند "77هەزار و 63 تاپۆی مووسڵ و کەرکووك لە تورکیا پارێزراون، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1847 - 1917ی سەردەمی عوسمانی" سەبارەت تۆماری تاپۆکانی حەڵەب تورکئۆغڵو رایگەیاند" 32 دەفتەری تاپۆی حەڵەب لە ئەرشیفی تورکیادا هەیە، کە مێژووەکەی ئەوانیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1855-1918". دواجار تورك ئۆغڵو دەڵێ "ئەو تۆماری تاپۆیانە، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئێمە لەوێ بووین و لەکاتی خۆیدا ئەو جێگایانە موڵک و خاوەنداری ئێمەبوون".

## هەنگاوەکردەییەکانی ئەجێندای فراوانخوازی

ئێستا لەسەروبەندی جەنگی ڕزگاری موسڵدا، سەرکردەکانی تورکیا جارێکی دیکە کەوتونەتە یادهێنانەوەی ئەو یاداشتەی سەردەمی عوسمانی و هەندێکی دیکەشیان باس لە سنورە مێژووییەکانی دەوڵەتی تورکیا دەکەن کە بە پێی ڕێککەوتنامەی لۆزان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتان لەدەستیان داوە. بەڵام هاوکات توڕکیا هەر بەمەوە نەوەستاوە، بەڵکو ماوەی دو ساڵە بە کردەی هەوڵ دەدات ئەجێنداکانی بباتە بواری کردەنیەوە، تا لەو ڕێگایەوە هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ، لەدیارترین ئەو میکانیزمانەی کە لەم دوساڵەی دوایدا حکومەتەکەی

ئاكپارتی گرتونیەتە بەر، تا لەڕێگایەوە نمایش و مانۆڕ بۆ هێزی سیاسی و سەربازی تورکیا بکات بریتین لە:

چونە نێو ڕیزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە ڕێکەوتی 2014/10/2. بەمەبەستی بەشداریکردنی مەیدانی لە جەنگی دژ بەداعش. دواتر کردنەوەی بنکەی سەربازی ئەنچەرلیک بۆ هێرشکردنە سەر داعش لە سوریاو عێراق.

دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی دژ بە تیرۆر لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا، دژ بە داعش و پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕێکەوتی 2015/7/24 تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی ڕوسی لەسەر چیای تورکمان لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا، لە ڕێکەوتی 2015/11/24. دواتر پڕینی پەیوەندییەکان لەگەڵ روسیا بۆ نزیکەی حەوت مانگ.

ئەنجامدانی دو هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەک لە مانگی حوزەیران و تشرینی دووەمی 2015، دواتر سەرکەوتنی ئەکەپە لە پێکهێنانەوەی حکومەتی زۆرینە لە تورکیادا.

جوڵاندنی هێز بە ئاراستەی باکوری عێراق لەکۆتاییەکانی ساڵی 2015، دواتر جێگیرکردنی هێزێکی تورکی لە باکوری موسڵ و لەبنکەی زلیکان لە باشیک، بەپاساوی هاوکاری هێزە سونیەکان و بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ و بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دیکە.

شکستهێنان بەو هەوڵی کودەتایەی کە لەڕێکەوتی 2016/7/15 ئەنجامدرا، دواتر سزادان و دورخستنەوەی نەیارەکانی دەسەڵاتی ئاکپارتی لەسەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا.

جوڵاندنی هێز بۆناو قوڵایی خاکی سوریا لە ڕێکەوتی 2016/8/24، لە ژێر ناوی قەڵغانی فورات و بەشداری لە گرتنەوەی جەرابلوس و باب و دابق ... هتد.

پەرلەمانی تورکیا، لە ڕێکەوتی 2016/10/3، ماوەی چالاکی و مانەوەی هێزەکانی تورکیای لە عێراق و سوریا درێژ کردەوە.

گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی) ئەمریکی لەم بارەیەوە دەڵێ" دوبارە وروژاندنی ئەم بابەتانە لەلایەن دەسەڵاتداران و میدیاکانی تورکیا، بەتایبەت لەم کاتەدا، ئاماژەیە بۆ خواستی لکاندنی چەند ناوچەیەکی سوریاو عێراق بە سنوری تورکیاوە". لەپاڵ هەموو خواستە دیارو شاراوەکانی تورکیا، کە

دەخوازێت لەرێگەی بەشداریکردنی لە جەنگی دژ بە داعش بەدەستی بهێنێت، پێ دەچێت، مەبەستی کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەیەکیش، یەکێکی دیکە بێت لە ئامانجە ستراتیژیەکانی تورکیا، کە دەخوازێت لەرێگەی شەرعیەتی بەشداریکردن لە جەنگی دژ بە داعشدا وەک دیفاکتۆ و کۆنترۆڵیان بکات، وەک ئاشکراشە تورکیا لەم بارەیەوە ئەزمونێکی دورو درێژی هەیە بەنمونە:

ساڵی 1938 لەگەڵ سەرەتاکانی تێکچونی دۆخی نێودەوڵەتی و دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی، تورکیا هەستا بە داگیرکردنی هەرێمی (هاتای ئێستا- ئەنتاکیای جارانی سوریا)، کە ئەوکات داگیرگەی ئیستیعماری فەرەنسی بوو، دواتر دانیشتوانەکەی بەرێگای ریفراندۆم لەساڵی 1939 چونە پاڵ تورکیاوە. گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی) لەمبارەوە دەڵێ "ئەوکاتەی کە فەرەنسا سەرقاڵ بوو بە جەنگی دووەمی جیهانیەوە لەساڵی 1939، تورکیا ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ دەستگرتن بەسەر پارێزگای هاتایدا، بۆیە دورنییە هەمان سیاسەت بۆ دەستبەسەرداگرتنی حەڵەب و موسڵ دوبارە نەکاتەوە".

ئەزمونی دووەم بریتیە لە داگیرکردنی بەشی باکوری قوبرس لە ساڵی 1974، دوای دروستبونی پشێوی و کودەتا لەو وڵاتەدا، لە لایەن لایەنگرانی لکاندنی قوبرس بە وڵاتی یۆنانەوە. تورکیا  بە پاساوی پاراستنی تورکمان و کەمە نەتەوەکان هێزی رەوانەی باکوری قوبرس کردو داگیریکرد. دواتریش دەوڵەتی قوبرسی تورکی لە باکوری قوبرس ڕاگەیەندرا، تا ئێستاش تەنها تورکیا وەک وڵات دانیپێدناوە.

بە تێروانین بۆ ئەم نمونانە، دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە دور نییە ئەم ئەزمونە لە عێراقیش دوبارە نەبێتەوە، بە دیاریکراویش لە شاری موسڵ، جگە لە گشت پاساوەکان بەنمونە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا وەک هۆکاری سەرەکی لە جوڵاندنی هێز بە ئاڕاستەی سوریاو عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تورکیا باس لە گۆڕانی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەش دەکات، کە هێزی بە ئاڕاستەیان جوڵاندووە، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانێت لە پێناو پاراستنی مافی کەمە نەتەوەکانی وەک (تورکمانەکان) بەشداری لە ئازادکردنەوەی موسڵدا بکات. ئەم پاساوەش بۆ سوریا راستە، بەتایبەت کە لەبەشی باکوری ئەو وڵاتە کەمە نەتەوەی تورک لەچەند ناوچەیەکی وەک  ریفی حەڵەب و باکوری خۆرئاوای سوریا بڵاوبونەتەوە.

ئەردۆغان لەبارەی مافی بەشداریان لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵدا رایگەیاند "مێژوو دەیسەلمێنێت کە موسڵ بەشێکە لە خاکی تورکیا، عەهدی میللیش باشترین بەڵگەیە، بگەرێنەوە بۆ ئەو یاداشتە بۆ ئەوەی بزانن کامەیە خاک وسنوری تورکیا، بۆیە ئێمە بە مافی خۆمان دەزانین بەشداربین لە ئازادکردنەوەی موسڵدا، ئەمە یەکەمینجاریش نییە سەرکردەوە کەسایەتیە باڵادەستەکانی تورکیا، پاساو دەهێننەوە بۆ لەشکرکێشی وڵاتەکەیان بۆ ناو قوڵای خاکی عێراق، بۆ نمونە دوای جەنگی کەنداوی دووەم لە ساڵی 1991، (تورکوت ئۆزال) لەبارەی لەشکرکێشیان بۆ ناوخاکی عێراق و ئۆپەراسیۆن دژی گەریلاکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان) رایگەیاند " گەر سەدام حسێن کوەیت بە پارێزگایەکی عێراق بزانێ، ئەوا ئێمە بە مێژوو هەموو عێراق بە بەشێک لە تورکیا دەزانین"، جارێکی دیکە لەسەردەمی (سلێمان دەمیریڵ) سەرۆکی ئەوکاتی تورکیا لە ساڵی 1994، دەیگوت "پێویستە لەبەر هۆکاری ئەمنی پێداچونەوە بەرێککەوتنی سنوری نێوان عێراق و تورکیادا بکرێت، تا هەندێک ناوچەی عێراق بکرێنە پشتێنەی ئەمنی تورکیا، بە نمونە موسڵ کە بەپێی مێژو بەشێکە لەخاکی تورکیا". دوای پرۆسەی ئازادی عێراق جارێکی دیکە پرسی موسڵ هاتەوە نێو باس و خواستی تورکیاو عێراق، ئەوکات (عەبدوڵا گویل) کە وەزیری دەرەوەی تورکیابوو رایگەیاند " ئەگەر بێت و عێراق دابەش ببێت بۆ چەند هەرێمێک، ئەوا مافی تورکیایە موسڵ بەدەست بهێنێتەوە". کەواتە ئەوەی ئێستا باسی لەبارەوە دەکرێت، تەنها ستراتیژی ئەردۆغان نییە بەتەنهاو دەسەلاتدارانی ئەو وڵاتە هەمیشە لە هەلێک دەگەرێن تا لەرێگەیەوە وەک خۆیان دەڵێن بتوانن ئەو مافە بۆ نەتەوەکەیان بگێرنەوە.

وتەو کردەوەکانی ئەم قۆناغەی ئێستای ئەردۆغان دەیسەلمێنێت کە ئەردۆغان دەخوازێت بۆ دوای جەنگی داعش دەستبداتە کەڵکەڵەی گێرانەوەی ئەوناوچانە، بەوجۆرەی لە نەخشەکەی سەردەمی ئێمپراتۆریەتی عوسمانی و یاداشتی میللیدا دیاریکراوە، ئەمەش وەک گێرانەوەی بەشێک لەمافی زەوتکراوی نەتەوەیی تورکیا.

## ئەنجام

لە ئێستادا بڵاو کردنەوەی ئەم دەنگۆیانە لەبارەی زوڵمی رێککەوتنامەکانی سەدەی رابردو لە تورکیا، هاوشانی هەنگاوە

سەربازییەکانی ئەردۆغان لە سوریاو عێراق، خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ڕاگەیاندنی خواستە نوێیەکانی ئەردۆغان لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەی کە بە (بەعوسمانی نوێ) ناسراوە. کە خۆی دەبینێتەوە لە پێکەوە گرێدانی دروشمی (ناسیۆنالیستی و ئاینی) بۆ هێنانەدی ئامانجێکی هاوبەش کە خۆی لە گێڕانەوەی سەروەریەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا دەبینێتەوە، کە ڕەگەزی ئاینی و نەتەوەپەرستی دو پێکهاتەی گرنگی ئایدۆلۆجیای ئەو ئیمپراتۆریەتە بوون.

دواجار ئەردۆغان ئەگەر لە کاتی ئێستاشدا نەتوانێت تەواوی ئەوناوچانە بۆ تورکیا بگێڕێتەوە، ئەوا لە داهاتوودا و بەدیاریکراویش دوای داعش وەک ئەو جۆرەی لە نەخشەکەی دیریلیشدا هاتووە هەوڵ بۆ بەدەستهێنان دەدات.

هەرچەندە سیناریۆی فراوانخوازی لەم سەردەمەدا ئەرزیەتی بەدیهێنانی، زۆر قورس و ئەستەمە. بەڵام پێدەچێ ئەردۆغان، لەیادی سەد ساڵەی کۆماری تورکیاو لە پێناو ڕاگەیاندنی سیستەمی سوڵتانی ، بەردەوام ئەم بابەتانە وەک کەرەستەیەک، گەر تەنها لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنیش بێت، زیندو بکاتەوە، تا بە وروژاندنی پرسی نەتەوەیی و فراوانخوازی و باڵادەستبونی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتەکەی ڕوەو گۆرینی دەستور و سیستەمی سیاسی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی ئاراستە بکات. هاوکات هەوڵدەدات بەهۆی ئەم پرسانەوە کێشە و سەرنجە ناوخۆیەکانی وڵاتەکەی بۆ دەرەوەی سنورەکانی تورکیا هەناردە بکات. لەلایەکی دیکەشەوە پێدەچێ مەبەستی لە جوڵاندنی ئەم بابەتانە تەنها دروستکردنی فشارێکی نەرمە هێزی هەرێمی و نێودەوڵەتی بێت، تا لەم رێگایەوە بتوانێت ئەجێندا دەرەکیەکانی داهاتوی تورکیا جێبەجێ بکات.

سەرئەنجام ئاکامی ئەم هەنگاوانەی ئەردۆغان تەنها ئەگەری زیاتر قوڵکردنەوەی کێشەو ئاڵۆزیەکانی ناوچەکەی لێ پێشبینی دەکرێت.

## نەخشەی ئایندەی تورکیا بەو جۆرەی کە رۆژنامەی (دیریلیش پۆستاسی)



# DİRİLİŞ POSTASI

2 Ekim 2016 Pazar / 1 Muharrem 1438 — 50 kuruş

## Bu hududu kimler çizmiş bize?

Düşman tarafından paramparça edilerek 64 ülkeye ayrılan vatan toprağımızın son halinin sınırlarını belirleyen anlaşmanın asıl adı "Ahd-i Milli Beyannamesi"dir ve şimdiki sınırlarımız bu beyannameye göre eksiktir. Lozan bir zafer olsaydı; şimdi Türkiye daha büyük, coğrafyasina daha hakim bir ülke olurdu. Emperyalizmin çizdiği bütün siyasi, psikolojik ve sosyolojik sınırları reddedip dünyada herkesin kendi sınırlarında hür yaşadığı bir dünya haritası, Nizâm-ı Âlem mücadelemizin ilk adımıdır.

Lozan'dan önceki Dışişleri Bakanı Yusuf Kemâl Tengirşenk, 28 Ocak 1920'de son Osmanlı Mebusan Meclisi'nin kabul ettiği Ahd-i Milli Beyannamesi'nin doğrusunu şu sözlerle ifade ediyor:

*"Gençler! Misâk-ı Milli tahakkuk etmemiştir. Bu hudut, İskenderun Körfezi cenubundan (güneyinden) Antakya'dan Halep ile Katma istasyonu arasında Cerablus Köprüsü cenubunda (güneyinde) Fırat Nehri'ne mülaki olur (kavuşup birleşir), oradan Deyrzor'a iner, badehu şarka temdit ederek (devam ederek) Musul, Kerkük, Süleymaniye'yi ihtiva eder (kapsar). İşte! Misâk-ı Milli hududumuz (sınırımız) budur! Mütareke akdolunduğu gün ordularımız (ateşkes imzalandığı gün) fiilen bu hatta hakim bulunuyordu. Benden söylemesi..."*

## بڵاویکردەوە

# سەرچاوەکان


1. أردوغان يطالب بمراجعة اتفاقية لوزان الموقعة عام 1923، على الموقع الالكتروني:

https://arabic.sputniknews.com/world/20161019

2. قلق خارجي وغضب داخلي من تصريحات إردوغان حول معاهدة لوزان، على الموقع الالكتروني:

http://aawsat.com/home/article/765946....

3. تعرف على خارطة "ميثاق الأمة" التي تحدث عنها أردوغان مؤخراً ، على الموقع الالكتروني:

http://twsas.org/2016/10/...

4. نص و بنود معاهدة سيفر، على الموقع الالكتروني:

http://www.almrsal.com/post/347013

5. تعرف على تفاصيل معاهدة لوزان، على الموقع الالكتروني:

http://www.almrsal.com/post/347009

6. ما هي "معاهدة لوزان" الذي طالب "طيب أردوغان" بمراجعتها ؟، على الموقع الالكتروني:

http://www.elshaab.org/news/241366

7. هل سيلغي أردوغان اتفاقية "لوزان" لاستعادة "ولاية الموصل، على الموقع الالكتروني:

http://www.alkulasa.net/artical/4230D

8. *Bu hududu kimler çizmiş bize? At the site:*

http://dirilispostasi.com/n-18347-bu-hududu-kimler-cizmis-bize.html

9. *Musul ve Kerkük'ün Tapuları Türk Arşivlerinde, At the site:*
http://www.haberler.com/musul-ve-kerkuk-un-tapulari-turk-arsivlerinde-8896922-haberi/

10. *Turkey's New Maps Are Reclaiming the Ottoman Empire, At the site:*

http://foreignpolicy.com/2016/10/23/turkeys-religious-nationalists-want-ottoman-borders-iraq-erdogan/